١٠ هۆكار كەڕێگرن لە
شوێنكەوتن ـی هەق

مفتاح دار السعادة
ومنشور ولاية العلم والإرادة

تأليف

الإمام أبي عبد الله محمد بن أبي بكر بن أيوب ابن قيم الجوزية

(٦٩١ - ٧٥١)

وەرگێڕانی :

مامۆستا ئوسامە تەوحیدی

ئامادەكردنی : سەرخەری دەوڵەتی ئیسلامی

بسم الله الرحمن الرحيم

ناونیشانی نامیلكە

١٠ هۆكار كەڕێگرن لەشوێنكەوتن ـی هەق

[مفتاح دار السعادة ابن القيم رحمه الله تعالـى 1/96]

وەرگێڕانی

مامۆستا ئوسامە تەوحیدی -حفظه الله-

ئامادەكردنی

سەرخەری دەوڵەتی ئیسلامی

١٤٤٧ هیجری

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

١٠ هـۆكار كەڕێگرن لەشـوێنكەوتن ـی هەق :

هۆكـارەكان :

١ - كەم ـی زانست وزانیاری بەهەق.

٢ - شایستەنەبـوون بۆ وەرگرتنی هەق ڕەنگە مرۆڤ هەقەكە بەتەواوی بناسێت بـەڵام مەرجداربێت بەپاكی شوێنەكە وقبوڵكردن ـی شوێنكە بۆپاككردنەوە ئەگەر شـوێنەكە پاك نەبێت وتوانای پاكبـوونەوەی نەبێت وەك زەویـەكی ڕەق وسـەخت وایـە كەئاوی تێـكەڵ نابێت بەوهۆیەشـەوە گژوگیا لەو زەویـەدا ناڕوێت لەبەر نەشیاوی جێگەكە و قبوڵنەكـردن ـی بۆیە ئەگەر دڵیش بـەرد ئاسا ڕەق بـێت پاكبونەوە وەرنەگرێت ئەوا ئامۆژگاری سودی بـۆنابێت سوود لەهیچ زانستێـك وەرناگرێت كەئەیزانێت هەروەكچۆن زەوی ڕەق وسـەخت ڕووەكی لێ ناڕوێت ئەگـەر هەموو ئاوی باران داباریێت بەسەریـدا و هەموو تۆیەكی تێدا بچێنرێت هیچی لێ ناڕوێت ئەو جۆرە دڵانەش بـەوشێوازەن الله تعالـی لەبارەی ئەم جۆرە خەڵكانەوە فـەرموویەت ـی : ﴿ ولو اننا نزلنا اليهم الملائكة وكلمهم الموتى وحشرنا عليهم كل شيء قبلا ماكانوا ليؤمنوا إلا ان يشاء الله ﴾

واتا : ئەگەر فریشتەشمان ناردبایە بـۆلایان و بەچاو بیان بینن و مردووەكانیش زیندوو بوونایەتەوەو قسەیان لەگەڵ كردبان هەموو رابوردوانیشمان ڕووبەڕوویان كۆ كردبایەتەوەو هێشـتا باوەڕیان نەئەهێنا مەگەر الله خۆی ویستی لەهیدایەتی كەسێك بێت.

وقال الله تـعالى : ﴿ قل انظروا ماذا في السموات والارض وما تغنى الايات والنذر عن قوم لا يؤمنون ﴾
واتا : بڵێ بەكافران بەوردی سەیرێكی ئاسمانەكان و زوویی بكەن بزانن چی ئەبینن؟ لەبەڵـگەی تاك وتەنهای الله تعالـی سەیربكەن وسەرنج بەن لـە خۆرو مانگ و شەوو ڕۆژو باران و هەورو و شاخ و ڕووبارو بەرزی و نزمیی و.. هتد ئەگـەرچی ئەو هەموو بەڵگەو نیشانەو ترسێنەرو پێغەمبەرانە كار ناكاتە سەر گەلێك بەهۆی لاساری خۆیانەوە باوەڕ ناهێنن.

ئەم ئایـەتانەش لەقورئان زۆرن سـابۆیە هەركات دڵ ڕەق بوو وئەستوربوو ئەوا زانست كـاری تێناكـات بەهەمان شێوە ئەگەر دڵـەكە نەخۆش بێت وشل وخاو بێـت چەسپاو ودامەزراونەبێت وبێ هێزبێت وبێ ورە بـێت ئەوا زانسـت كـاری تێناكات.

٣ - ڕێـگری سێهەم : حەسادەت یـان خۆبەگەورە زانین ئەم ڕێگرەش بوە هۆی ئەوەی ئیبلیس ملكەچی فەرمان ـی الله تعالى نەبێت ئەمەش نەخۆشـی یەكەمینەكان و كۆتاییەكـانە تەنها مەگەر كەسێك الله تعالى بیپارێزێت لەم نەخۆشـیە بەهۆی ئەم حەسادەت وخۆبەگەورەزانییەوە بوو جولـەكە ئیمانیان نەهێنا بەپێغەمبەر صلى الله علیه وسلم لەكاتێكدا بەچاوی خۆیان پێغەمبەریان بینی بوو صلى الله علیه وسلم و ئەشیانزان ـی لەسەر هەقە وپێغەمبەرە وەهەروەهـا ئەوانەی تریش كەوەك جولەكە خۆبەگەورە زانی و حەسادەت بوە ڕێگری ئیمان لێیـان وەك عبدالله ـی كوڕی ئوبەی وابو جهل و تەواو هاوبەشـدانەرەكان چونكە كەسیان دوودڵ نەبوون لەڕاسـتگۆی پێغەمبەر صلى الله علیه وسـلم وەئەشیان زانی كەهەق ـی پێیە بەڵام خۆبەگەورەزانـی

وحەسادەت وای لێكردن كوفری پێ بكەن وئیمان ی پێ نەهێنن هەربەم هۆیەشەوە ئوممیە و هاوشێوەكان ی كەزانستیان هەبوو لەسەر پێغەمبەرایەت ی محمد صلى الله عليه و سلم بەڵام بڕوایان پێ نەهێنا.

٤ - هــۆكــاری چوارەم : ڕێگری سەركردایەت ی ودەسەڵات تەنانەت ئەگەر خاوەنەكەی حەساد وخۆبەگەورەزانینیشی نەبێت لەئاست ی ملكەچ بوون بۆهەق بەڵام ناتوانێت دەسەڵات وملكەچ بوون بۆهەق پێكەوە كۆبكاتەوە هەربۆیە چاوی لەدەسەڵات و پاشایەتیەكەی خۆی ئەبێت وەک هـرقل وهاوشێوەكان ی لەپاشاكافرەكان ئەوانەی زانیان محمد صلى الله عليه وسلم هەقە وپێغەمبەرە لەدڵیشەوە دانیان پێدانابوو بەپێغەمبەرایەتیەكەی بەڵام لەلەدەستدان ی دەسەڵاتەكەیان ئەترسان ئەمەش نەخۆش ی ودەردی خاوەن دەسەڵاتەكانە وكەم كەس هەیە لەمە ڕزگاری بوبێ مەگەر كەسێک الله تعالى پاراستبێتی ئەمەش دەردی فیرعەون و گەلەكەی بوو هەربۆیەش وتیان : ﴿ انؤمن لبشرين مثلنا وقومهما لنا عابدون ﴾

واتا : ئایا ئێمە باوەڕ بەدوو مرۆڤ بهێنین (موسا وهارون) لەكاتێكدا گەلەكەیان كۆیلەی ئێمەن.

باوەڕیان نەهێنا و شوێن ی موسا وهارون نەكەوتن پێیان شەرمەزاری بوون شوێن ی بەنی اسرائیل بكەن لەكاتێكدا ئەوان كۆیلە بوون لەژێر دەستیان هەربۆیەش وتراوە كاتێک فیرعەون ویست ی شوێن موسا بكەوێت وباوەڕی پێ بێنێت ڕاوێژی بە هامان ی وەزیری خۆی كرد ئەویش بەفیرعەون ی وت تۆ خوایەكی ئەپەرسترێیت ئایا ئەبیتە بەندەی كەسێک كەكەسێكی تر ئەپەرستێت ؟

بۆیەش فیرعەون ڕەدی كردەوە ببێت بەبەندە و سەرۆكایەت ـی وخوایەتی دروستكراوی بۆخۆی هەڵبژارد.

٥ - هـۆكاری پێنجەم : ڕێگری ئارەزوو وماڵ ئەم هۆكارەبوو ڕێگری باوەڕی لەزۆرێـك لەئەهلی كتاب كـرد ترسی ئەوەیان هەبوو سەرچاوەی ئەو پارە وبژێویەی لەلایەن گەلەكەیانەوە بۆیان ئەهات لێیان ببڕێت. كافران ـی قورەیش ڕێگری باوەڕهێنانیان لەخەڵكی ئەكرد بەپێی ئارەزووی كەسەكان ولەودەرگایـەوە ئەچونە لایان بۆنمونە كەسێك حەزی لەزینا بوایە قورەیش ئەچونە لای پێیان ئەوت محمد صلى الله عليه وسلم قەدەغەی زینا وئارەق ئەكات بەم شێوەیەش ڕێگری ئیمانیان لە ئەعشای شاعیر كرد لەئیسلام وەمن خۆم لـەگەڵ زیاد لەكەسێك لەئەهلی كتاب گفتوگۆم كـردوە لەبارەی ڕاستیەت ـی ئیسلام كۆتا قسەی ئەوان ئەوەبوو پێی وتم من واز لەئارەق خواردنەوە ناهێنم وبەئەمانەوە ئەیخۆمەوە بۆیە گەر ببم بەموسڵمان ئێوە ڕێگریم لێ ئەكەن لەخواردنەوەی ئارەق وجەڵدم لێ ئەیەن كەسێكی تریان پێی وتـم من خزم وكەسی دەوڵەمەندم هەیە خاوەن سامانن گەر ببم بەموسڵمان هیچ شتێكم لەوانەوە ناگاتێ منیش ئومێدی ئەوەم هەیە لەمیراتەكەیان وەربگرم وهاوشێوەی ئەم قسانە گومانی تێدانیە كەئەم بەرژەوەندی خوازیە لەدەروونی زۆرێك لەكافراندا هەیە بەمەش هێزی پاڵنەری ئارەزوو وماڵ وسامان لـەگەڵ پاڵنەری لاوازی باوەڕ لەیەك ئەیەن ئەم كەسەش وەڵام ـی پاڵنەری بەهێزی ئارەزوو وسامان ئەیاتەوە بۆیە ئەڵێت من دەستبەرداری ڕێبازی باوباپیرانم نابم.

٦ - هـۆكاری شەشەم : خۆشویستن ـی خێزان و خزم ونزیكەكان و هۆز وعەشیرەت ئەزانێت گەر شوێن هەق بكەوێت ئەبێت پێچەوانەی ئەوان بكات

ئەوکاتەش ئەوان دووری ئەخەنەوە و دەربەدەری ئەکەن ولەناوخۆیان دەری ئەکەن ئەمەش هۆکاری مانەوەی زۆرێکە لەوان لەسەر کوفر وبێ باوەڕی لەپێناو مانەوەیان لەگەڵ هۆز وخێزان وکەسوکارەکانیان.

٧ - هـۆکاری حەوتەم : خۆشویستنی خاک ونیشتیمان تەنانەت ئەگەر خزم وعەشیرەتەکەشی لێ نەبێت بەڵام وای ئەبینێت شوێنکەوتن ـی بۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەبێت بەهۆی دەرکردن ـی لەوخاک ونیشتیمانە بۆوڵاتێکی غەریب ـی و دوورە دەست بۆیە چاوی لەنیشتمانەکەی ئەبێـت.

٨ - هـۆکاری هەشتەم : واوێنا ئەکات لەشوێنکەوتنی بۆئیسلام و پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کەمکردنەوە و تانەدان هەیە لەباوباپیران ـی ئەمەش بوو کەڕێگری لە ابو طالب وهاوشێوەکان ـی کرد لەشوێنکەوتنی ئیسلام لەبەرئەوەی باوباپیران ـی خۆیان بەگەورە ئەزانی ولەسەریان گران بوو شاهیدی کوفر وگومڕاییان بەسەرابەن یان ڕێگەیەک هەڵبژێرن پێچەوانەی ڕێگەی باوباپیرانیان بێت وایان وێنائەکرد گەر ببن بەموسڵمان ئەوا ئەقڵی باوباپیرانی خۆیان بەگەمژە زانیوە وتانەیان لەباپیرانی خۆیان یاوە و سیفەتی ناشرینیان یاوەتە پاڵ باوباپیرانی خۆیان وکوفر وگومڕاییان خستۆتە پاڵیان هەرلەبەر ئەمەش بوو دووژمنانی الله تعالی لەکاتی سەرەمەرگی ابوطالب وتیان بەابوطالب ئایا ڕوو وەرئەگێڕیت لەئاین ـی عبدالمطلب ؟ ئەوەبوو کۆتا قسەی ابوطالب بریتی بوو لەوەی وتی من لەسەر ئاین ـی عبدالمطلب ـم. هەربۆیە دووژمنان ـی الله تعالی لەم دەرگایەوە چون بۆلای ابوطالب چونکە ئەیانزان ـی ابو طالب باوانی خۆی بەگەورە ڕائەگرێت وشانازی بەوانەوە ئەکات وشەرەف وشکۆمەندی خۆی بەهۆی ئەوانەوە بەدەستهێناوە ئیتر چۆن کارێک

ئەكات كەببێت بەهۆی كەمكردنەوە وتانەدان وسەركۆنەكردن ـی باوباپیران ـی ! هەربەم هـۆیەشـەوە بـوو ابوطالب ووتی ئەگەر لەبەر سەركۆنەكردن ـی عبدالمطلب نەبوایە ئەوا شـوێن ـی ئیسلام ئەكەوتـم وە ئەمەش شعرەكەی ابو طالب ـە كەتێیدا ڕوونی ئەكاتەوە كەپێغەمبەرصلى الله عليه وسلم بەهەق ئەزانیت ولەڕاستگۆی ئەو دڵنیاییە.

ولقد علمت بان دين محمد ... من خير اديان البرية دينا
لولا الملامة او حذار مسبة ... لوجدتني سمحا بذاك مبينا

بەڕاست ـی من زانیومە ئاینەكەی محمد صلى الله عليه وسلم لەباشترین ـی ئاینەكانە ئەگەرلەبەر لـۆمە یان ترسی جنێودان وسەركۆنەكردن نەبوایە ئەتبینی بەئاسـان ـی وڕوونی لێم وەرگرت ـی.

هەروەهـا لە هۆنراوەیـەكی تریدا ئەڵێت :

سوێند بـەالله ئەگەر لەبەر ئەوەنەبوایە شوێنكەوتنی محمد صلى الله عليه وسلم ببێت بەكـەمكردنەوە وسەركۆنەكردنێک بەسەرگەورەكانمـاندا بێت لەكۆڕ وكۆبـوونەوەكان ـدا ئەوا لەهەموو باردۆخێـكدا شـوێن ـی ئەكەوتین بەڕاستگۆیانە نەک گاڵتەجاڕیـانە بەڕاسـت ـی ئەوان ئەزانن كوڕەكەمان محمد صلى الله عليه وسلم لای ئێمە بەدرۆزن لەقەڵەم نـادرێت هیچ قسەیەكی ناهەقیش ناڵێت.

ئەو سەركۆنەكردن وجنێودانـەی ئەوان مەبەستیان بوو كەبەهۆی شـوێنكەوتنی ئیسـلام بەسەر باوباپیران وگەورەكانیاندا یەت بریتی بـوو لەشایەتـیدان

بەكوفر وگومڕایی بۆباوباپیرانیان و بەنەفام ـدانانی عەقڵیان ئەمەش بوو بەهۆكار ڕێگری لێكرد لەشوێنكەوتنی ئیسلام.

٩ - هـۆكاری نۆیەم : شوێنكەوتنی دووژمنەكەت بـۆ ئیسلام واتا دووژمنەكەت پێش تۆ چۆتە ناو ئیسلامەوە وبەوهۆیەشەوە ئەوكەسە تایبەتمەندی وپێگەیەكی پێشینەتری لەناو ئیسلامدا بۆ پەیدابووە ئەمەش هۆكارێكە ڕێگری لەزۆرێک لەخەڵكی كردووە لەشوێنكەوتنی هیدایەت كاتێک مرۆڤێک دووژمنێكی هەیە ورقی لەپێگەی دووژمنەكەی ئەبێتەوە حەز بەو خاكەش ناكات كەدووژمنەكەی بەسەریدا. ئەچێت وحەزەكات لەهەموو شتێكدا پێچەوانەی دووژمنەكەی بكات ودژایەت ـی بكات كاتێک ئەبینێت دووژمنەكەی شوێن هەق كەوتوە لەم كاتەدا مەبەست ـی دژایەتیكردن ـی دووژمنەكەی پاڵی پێوە ئەنێت بۆ دژایەتیكردن ـی هەق و ئەهلی هەق تەنانەت ئەگەر هیچ دووژمنایەتیەكیش لەنێوان خۆی وئەوانیشدا نەبوبێت ئەمەش وەک ئەوەی لەنێوان جولەكە وئەنصارِیەكان ـدا ڕووی یا چونكە جولەكە وئەنصارِیەكان ـی مەدینە پێش هاتنی پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم دووژمن ـی یەكتری بوون جولەكەكان هەڕەشەیان لەئەنصارِیەكان ـی مەدینە ئەكرد بەدەرچون وهاتنی پێغەمبەر و ئەیانوت كاتێ ئەو پێغەمبەرە دەرەچێت ئێمە شوێنی ئەكەوین وئێوە لەناو ئەبەین بەڵام كاتێک پێغەمبەر دەرچوو صلى الله علیه وسلم وئەنصارِیەكان پێش جولەكە شوێن ـی كەووتن وئیمانیان هێنا بۆیە ئەم دووژمنایەتیە پاڵی بەجولەكەوە نا لەسەر كوفر وبێ باوەڕی خۆیان بمێننەوە و نەبن بەشوێنكەوتەی ئیسلام.

١٠ - هـۆكاری دەیەم : ڕێگری ڕاهاتن و نەریت وئەوپەروەردەبوونەی مرۆڤ تێیدا گەورەبووە چونكە نەریت ڕەنگە هێندە بەهێزبێت بەسەر مرۆڤدا بەسەر

حوكمی طەبعی مرۆڤەكەش سەربكەوێت هەربۆیەش وتراوە خوونەریت سروشتی دووەم ـی مرۆڤە كاتێك مرۆڤ لەمنداڵیەوە لەسەر وتەیەك گەورەئەكرێت دڵ ودەروونی لەگەڵ ئەو وتەیە ڕایەت وەكچۆن گۆشت وئێسكی لەسەر خۆراكی ڕۆژانەی گەشە ئەكات بۆیە عەقڵی تەنها لەسەر ئەو پەروەردەیە ئەكرێتەوە كەلەمنداڵیەوە لەسەری ڕاهێنراوە بۆیە كاتێك زانستێكی بۆیەت ئەوزانستە ئەیەوێت ئەو خونەریتە بسڕێتەوە ولەدڵیدا لایبات وخۆی لەشوێنی ئەوخونەریتە جێگیرببێت لێرەدا ئەم گواستنەوەیە بۆی دژوار وناڕەحەت ئەبێت ئەم هۆكارە گەرچی لەڕووانگەی ماناوە زۆر لاوازە بەڵام زۆرترینیانە كەزاڵە بەسەر ئومەتەكاندا وخاوەن ڕێباز وئاینەكاندا زۆربەیان بەڵكو هەموویان تەنها مەگەر كەسێك شازبێت ئەگینا هەموویان لەسەر پەروەردە وخوونەریتێكن كەلەمنداڵیەوە لەسەری پەروەردەكراون بەدەر لەو نەریتە هیچ ـی ترناناسێت گواستنەوەی لەم باردۆخە بۆ باردۆخێ تر وەك گواستنەوەی وایە لەسروشتێكەوە بۆسروشتێكی تر بۆیە صلاة وسەلام ـی الله لەسەر پێغەمبەران ونێردراوەكان ـی بەتایبەت كۆتای پەیامبەران و چاكترینیان محمد صلی الله علیە وسلم چۆن نەریتە پوچەكان ـی گەلانی گۆڕی وگواستیانیەوە بەرەو ئیمان وباوەڕ وسروشت ـی دووەم ـی نوێیان لێ بەرهەم هێنان ولەسروشت ـی نەریت و خووە پوچەكان ـی دەریهێنان بەوهۆیەشەوە لەسروشت ونەریتە پوچەكان دەرچوون تاقەت پڕوكێنی وماندوێتی ئەم كارە لەسەر دەرونەكان كەس نایزانێت مەگەر كەسێك نەبێت كەمرۆڤێكی لەئاینەكەی خۆیەوە دەرهێنا بێت بۆسەر ئاینی ئیسلام الله تعالى جەزای خێری پەیامبەران باتەوە.

[مفتاح دار السعادة ابن القیم رحمه الله تعالـی 1/96]

والحمدلله رب العالمین